# جل و بەرگی کوردی لە سەرچاوە کوردناسییەکاندا

**سۆزان کەریم مستەفا** [١]

[١] بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

جل و بەرگ بە شێکە لە شارستانییەتی نەتەوەکانی جیهان و لایەنێکی گرینکی گرینکی کلتوری گەلان پێک دێنێت، دەروازەیەکە بۆ جیاکردنەوە و ناسینی نەتەوە جیاوازەکان، گەلان لە ڕێگەی جل و بەرگەکانیانەوە جۆرێک لە جیاکاری ناسنامەی نەتەوەییان درکی پێ دەکرێ، کوردیش لە کۆنەوە تا ئێستا وێڕای هەمو هەوڵەکانی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان لە پێناو سڕینەوە و لە گۆڕنانی ئەو جیاکارییە نەتەوەییەدا، توانیویەتی ناسنامەی ڕۆشنبیری خۆی بپارێزێت و سەرباری هەمو ئەو کاریگەرییانەی لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە بۆسەر کلتور و شارستانیەتی نەتەوەیی کورد کراوە، بەڵام نەیانتوانیوە ڕەسەنایەتی جل و بەرگ و کلتوری نەتەوەیی کورد لە نێو بەرن. تۆماری مێژوی کورد، زیاتر مێژویەکی سیاسییە و کەمتر پەی بە نوسینەوەی مێژوی کلتوری‌و ژیاری براوەو هەنگاوی بۆ نراوە، ئەوەی ئەم مێژووە شاراوەیەی تۆمار کردووەو زیندو هێشتویەتیەوە، نوسروای کوردناسەکانە، کەلە دو توێی گەشتنامەو یادداشتەکانیاندا ئەم مێژووە شاراوەیەیان تۆمار کردووە، ئێستا وەک بەشێک لە ژیاری نەتەوەیی ئاماژەی پێدەکرێت، گرنگیی ئەمجۆرە لە مێژوی نەتەوەیی گەر بۆ نەتەوەکانی دیکە ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێییانە بێت، بەڵام بۆ نەتەوەی کورد مێژویەکی پڕ لە شانازی و گرنگیشە، چونکە جگە لە گرنگیی خودی تۆماری مێژوییانەی نەتەوەی کورد، لە هەمان کاتدا سەلماندنی ئەو جیاکاری و سەربەخۆبونەی کوردە لە پاشکۆیەتی و پەراوێزی نەتەوە دراوسێکانی کورد کە هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوەو پەراوێزخستنی کلتوری کوردیدان. لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لە جل و بەرگی کوردی لە دیدێکی ئەکادیمیانەوە کارێکی گرینگ و پێویستە، بەتایبەتی تێڕوانینی کوردناسەکان بۆ بابەتە کلتورییەکانی نەتەوەیی کورد جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە. ئەم توێژینەوەیەش دەروازەیەکە بۆ خستنە ڕوی ئەو بابەتە گرینگە، تا لەم ڕێگەیەوە گرینگی و بایەخی کوردناسەکان بۆ لایەنە کلتورییەکانی نەتەوەی کورد بخەینە ڕو.

**وشە سەرەکییەکان:** جل و بەرگ، جلی پیاوان، جلی ژنان، خشڵ، کوردناسی

## ١. پێشەکی

جل و بەرگ وەک بابەتێکی کلتوری کە ڕۆڵ و پێگەی نەتەوەکان لە شارستانیەتدا دەردەخات، یەکێکە لەو بابەتە گرینگانەی کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەتە، بەو پێیەی جل و بەرگ بە شێکە لە ناسنامەی نەتەوایەتی و بەشێکە لە کلتوری شارستانی و ڕۆشنبیری نەتەوەکان، لەو سۆنگەیەوە بەها و نرخی ئەم بابەتە دێتە بون، نەتەوەکانی تریش لە جیهاندا کەم تا زۆر بایەخێکی تایبەتیان بەم کلتورە ڕۆشنبیریەی خۆیان داوە و ڤێستیڤاڵ و بۆنەی تایبەتیان بۆ خستە ڕوی ئەو ناسنامەیە هەیە ، هەروەها لە شوێنە گەشتیارییەکانیاندا وەک سیمایەکی دەوڵەتەکەیان دەیخەنە بەردیدەی گەشتیاران، نەتەوەی کورد بەو پێیەی لە زۆر ڕووەوە لە نوسین و گرینگیدان بە بابەتە کلتورییەکانی دواکەوتووە، نەیتوانیوە وەکو پێویست هەوڵی ئەرشیفکردن و نوسینەوەی ئەم لایەنە بدات، ئەوەی لەم بارەیەوە نوسراوە بریتییە لە نوسینی گەشتیار و گەڕیدە و کوردناسەکان کە هاتونەتە کوردستان و سەرنجی جوانی و ڕازاوەیی و جیاوازی جل و بەرگی کوردییان داوە، هەربۆیە بەشێکی زۆری کوردناسەکان لە هەوڵی خستنە ڕوی ئەم بابەتەدا بون.

گرینگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە نوسینەوەی بابەتێکی وەها لە چوارچێوەی نوسینێکی ئەکادیمیدا کارێکی گرینگە و کۆکردنەوەی بەشێکی هەرە گرینگی نوسینی کوردناسەکانە لەبارەی جل و بەرگەوە.

ئامانجمان لە نوسینی ئەم بابەتە هەوڵدانێکە بۆ بە ئەکادیمی کردن و بایەخدان بە ناسنامەی کلتوری ڕەسەنی نەتەوەی کورد، لە دیدی کەسانی بیانییەوە، تا سەرنجی ئەم کلتورە بەنرخ و بەهادارەی کورد لە باری سەرنجی نا کوردەکانەوە بخەینە ڕو.

میتۆدی نوسینەوەی توێژینەوەی زانستی بریتییە لە میتۆدێکی مێژویی شیکاری، کە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٨ شوبات ٢٠٢١؛ پەسەندکردن: ٦ حوزەیران ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: suzan.mustafa@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ سۆزان کەریم مستەفا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp1-11

بۆ نوسینەوەی بابەتە ئەکادیمییەکان گرینگ و پێویستن.
گرفتەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە کەمی ئەو سەرچاوانەی لە بارەی جل و بەرگەوە نوسراون و تا ئێستاش کارێکی ئەکادیمی لەو جۆرە بە ئەنجام نەگەیەنراوە، ئەمەش کارەکەی ئێمەی سەختتر کردووە، دەستمان نەگەیشتوە بە تەواوی ئەو سەرچاوانەی لەم بارەیەوە نوسراون، هەروەها ماوە و مەودای ئەو سەرچاوانەی نوسراون زۆر دورن لەیەکەوە، هەندێکیان هی سەدەیەک یاخود دو سەدە پێش ئێستان، بۆیە جیاوازی گەورە لە نوسینەکانیاندا دەردەکەوێت.
ئەو سەرچاوانەی پشتمان پێ بەستون، بریتین لە گەشتنامە و نوسینەوەی یادداشت و سەرنجی کەسایەتییە سیاسی و گەڕیدەکان، کە بەشێکی زۆر لەو کوردناسانە لە بنەڕەتدا کوردناس نین و بەرپرسیارییەتی جۆراوجۆریان لە ئەستۆ گرتووە، بەتایبەتی بەشێکیان دیپلۆمات و سیاسەتوان بون، بەڵام دەتوانین وەک سەرچاوەی کوردناسی ئاماژەی پێبکەین بەوپێیەی کە کوردناسی نوسینی سەرجەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ناکوردن و لەسەر کوردیان نوسیوە.
ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و دو تەوەری سەرەکی پێک هاتووە. لە دەروازەکەدا ئاماژەمان بە ناساندنی جل و بەرگ کردووە وەک ناسنامەی نەتەوەکان و لە هەردو تەوەرەکەشدا باسمان لە جلی کوردی ژنان و پیاوان کردووە.

## ٢. دەروازە، جل و بەرگ وەک پێناسێکی نەتەوەیی

جل و بەرگ بە یەکێک لە گرینگترین ئەو سیما دەرەکییانە دادەنرێت کە ڕۆشنبیری و کلتوری شارستانییەتی نەتەوەکانی پێ دەناسرێتەوە، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە مێژوی نەتەوەکاندا بکرێت، نەک هەر ئەمە بگرە دەتوانرێت نەتەوەکان لە ڕێگەی شێوازی جل و بەرگەکانیانەوە بناسرێنەوە.
ئەمە جگە لەوەی کە جل و بەرگ ڕێگەیەکە بۆ بەراوردی نێوان نەتەوەکان لە سەر بنەمای ڕۆشنبیری و پەیوەستەگی تاک بۆ کۆمەڵە ڕۆشنبیری، یاخود ڕەگەزیەکەی دەردەخات، ئەمەش لە هەمەڕەنگی ئەو جل و بەرگانەدا ڕەنگدەداتەوە کە وابەستەی ئەو ژینگە جوگرافییەیە کە مرۆڤ تیایدا دەژیت و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕەنگ و شێوازی جل و بەرگەکە هەیە، (ثجیل، ٢٠١٣، ٤٤٩). پەیوەندی نێوان جل و بەرگ و سیماو خەسڵەتی نەتەوەکان پەیوەندییەکی بەتینە، بە جۆرێک کە جل و بەرگ بەیەکەم نیشانە دادەنرێت، لە نێوخۆی وڵاتێکدا هاوڵاتییەک لە کەسێکی بیانی جیادەکاتەوە، وا پێدچێت مرۆڤەکان لە ڕێگەی جل و بەرگەکەیانەوە وتووێژ لەگەڵ یەکدیدا بکەن و هەرکەسە و لە زمانی جل و بەرگەکەیەوە خۆی دەناسێنێت، من کێم؟ لە کوێوە هاتوم؟ سەر بە چ وڵات و ڕۆشنبیرییەکم؟ (عادل، ٢٠٠١، ٩).
بۆیە لە کاتی ئێستادا کۆمەڵگەکان جەخت لەسەر بەرز ڕاگرتنی کلتوری پۆشینی جل و بەرگ لە هەر شتێکی دیکە زیاتر دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی زۆرتر وابەستەی بیر و باوەڕی نەتەوەیین و زیاتر کەوتونەتە ژێر ستەمی چەوسانەوەی پێناسی نەتەوەییان. چونکە جل و بەرگ هەڵگری پێناسی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا دەژی، بەمەش نرخێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری هەیە ، ڕەگ و ڕیشەیەکی ڕەسەنی لە دەروونی هەموو نەتەوە و شارستانیەت و شار و داب و نەریت و سەرجەم کاروباری کۆمەڵایەتیدا هەیە، بە چاو پۆشین لە جۆرێتی نرخە ڕۆشنبیرییەکەی هەڵگری ئەو جێ دەستەیە کە کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی تر جیا دەکاتەوە، یاخود وڵاتێک لە وڵاتێکیتر، یا شارێک لە شارێکی تری هەمان ناوچەدا جیا دەکاتەوە (المحمادي، ١٤٣٣-١٤٣٤، ٧٣).

زۆر جار جل و بەرگ ڕۆڵە گرینگەکەی خۆی تێدەپەڕێنێت و دەبێتە هۆکارێکی ڕۆشنبیری وا گرینگ کە زانایانی ئایین و کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر بچوکترین بەشیدا دەستەوەستان دەوەستن، کە قوماش و ڕەنگ و شێواز و شێوەی دورینەکەی تێڕوانینێکی قوڵی بۆ گیانی سەردەم و داب و نەریتی باو هەیە، جل و بەرگ ئاوێنەی کۆمەڵگایە و بەهیچ جۆرێک بەرهەمێکی کوێرانەی لە خۆڕا نییە، بەڵکو تێڕوانینێکی هونەرییانەیە کە لە تایبەتمەندییە ڕۆشنبیری و شارستانیەتەکانەوە هەڵقوڵاوە، (مسعودی، رفیق، ٢٠١٨، ٨). هەربۆیە جلو بەرگ بە هۆکاری پەیوەندی نێوان نەتەوەکان ئەژمار دەکرێت، دەتوانرێت پێناسی کەسێک لە ڕوی هەست و باری کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێگەی جلو بەرگەکەیەوە بکرێت، کەبەیەکێک لە ماتریالیزمی باری شارستانی ئەژمار دەکرێت، کە مرۆڤ لە سەرەتادا لە پێناو خۆپاراستن و داپۆشینی جەستە و خۆڕازاندنەوە بەکاری هێناوە، (عثماني، ٢٠١٣، ١٨٥).
مێژوی بونی جل و بەرگ لەگەڵ مێژوی بونی مرۆڤدایە، مرۆڤی سەرەتایی بۆ داپۆشینی لەشی گەڵای داری بەکارهێناوە، دواتر پێستی ئاژەڵ و بە تێپەڕبونی کات ڕستن و چنین فێربووە، لێرەوە جل و بەرگ لە بەرگێکی ئاساییەوە گۆڕاوە بۆ ئەرکی پاراستنی لەشی مرۆڤ لە گەرمای هاوین و سەرمای زستان، ئەرکێکی تری ڕەوشتییە، بۆ داپۆشینی لەشی مرۆڤ لە چاوی مرۆڤەوە بۆ کاری ڕازاندنەوە و جوانکاری بەرامبەر بەوانی تر، ئەمەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر بەپێی بارودۆخی ژینگەیی و جوگرافی و بە پێی بیروباوەڕ و داب و نەریتی بەجێماو جیاواز بووە، (رشید، ٢٠٠٦-٢٠٠٧، ٦٠).
دەگوترێت کە مرۆڤ لە هەزارانساڵەوە جۆرێک لە جل و بەرگی بەکارهێناوە، مرۆڤی سەرەتایی یەکەم جۆری جلی لە پێست و فەروی ئەو ئاژەڵانە دروست کردووە کە ڕاوی کردون، بە درێژایی سەردەمیش فێربووە کە چۆن کەرەستەی تر بۆ دروستکردنی جل و بەرگ بەکاربهێنێت، توانی ئەو کەرەستە و ئامێرانە دابهێنێت کە لە دروستکردنی ڕستن و دروستکردنی جل و بەرگدا بەکاری دەهێنان. هەروەها مرۆڤ توانیویەتی ئاشنا بێت بە جۆری ئەو جل و بەرگانەی کە مرۆڤ بەدرێژایی سەردەمە کۆنەکان، بەدرێژایی ماوەی نێوان (٥٠٠٠) ساڵی پێش زایینەوە تا سەدەی پێنجەمی زایینی بەکاریهێناوە، لە ڕێگەی پەیکەر و تابلۆ و خشڵ و بابەتەکانی جوانکاری و جل و بەرگە چنراوەکان و هەندێک کەرەستەی لە پێست دروستکراوەوە، (عبدالقادر، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ٢٨). پاشان لەسەردەمەکانی دواتردا جل و بەرگ کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ئایینییەوە، ئیدی لێرەوە مۆدێلاتی جل و بەرگ سەریهەڵدا، کە پێشتر تایبەت بو بە کەمینەیەکی کۆمەڵگا وەکو چینە باڵاکانی حکومڕان و بۆرژواکان، کە بە هۆی توانا ئابوری و داراییەکانیانەوە بەدەستیان هێنابو، دواتر گواسترایەوە بۆ هەمو چینەکانی تری کۆمەڵگا، بەتایبەتی گەنجەکان، چونکە گەنجان خواستیان لە دەرکەوتن و گۆڕان و تازە بونەوەیە، بەمەش دابەشکاری جل و بەرگ بۆ جلی وەرزشی و پیشەیی و گەنجانە هاتە ئاراوە، (رشید، ٢٠٠٦-٢٠٠٧، ٦٠). بەمپێیەش جل و بەرگ بە گەورەترین جیاکاری نێوان نەتەوەکان بەتایبەتی لە ڕابردودا ئەژمار دەکرێت، کە هیچ کرانەوەیەک لە نێو نەتەوەکاندا نەبووە، بەڵام دواتر ئەو هاوسەنگییە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ئیدی جل و بەرگ ئاماژە نەبو لە نیشتمانی تاکەکان، چونکە دواتر جل و بەرگ تاڕادەیەک بونە یەک، بەتایبەتی لەکاتی گەشت کردن بۆ دەرەوە، (المناوی، بەبێ ساڵی چاپ، ٦-٧). لە ئێستادا کۆمەڵگە جیاوازەکان تاڕادەیەک یەک جۆر لە جل و بەرگ دەپۆشن و شێوازی جل و بەرگی ڕۆژئاوایی خۆی سەپاندوە

بەسەر کۆمەلگاکاندا، ئەمەش تا ڕادەیەک بۆتەهۆی کاڵبونەوەی پۆشینی جلی نەتەوەیی، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە پۆشینی جلی نەتەوەیی لە بۆنە و ڤستیڤاڵی تایبەت بە جلدا، یاخود یادکردنەوەی بۆنە نەتەوایەتییەکاندا دەپۆشرێت.

سەبارەت بە جل و بەرگی کوردی و مێژووەکەی، ناتوانین مێژوێکی دیاریکراو بۆ جل و بەرگی کوردی دابنێین و بیکەینە خاڵی دەستپێکی سەرهەڵدانی، چونکە مێژووەکەی بەقەد کۆنی نەتەوەی کورد و مێژو و شارستانییەتەکەی کۆنە، سەرباری جیاوازی نێوان شێوازی جلەکانیش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، سروشتی ئەو ناوچە شاخاوییەی کە کوردی تێدا دەژی ڕەنگدانەوەی لەسەر جل و بەرگەکەیان دروستکردووە و لە ڕەنگ و شێوە و ئەو جادوەی لە جلەکانیاندایە وای لێ کردون لە تەواوی ناوچەکانی تر جیاواز بن. جوانی و سەرنج ڕاکێشراوی جلی کوردی هۆکارێکی تایبەتە بۆ لێکۆڵینەوە و گرینگی دان بەو بابەتە، بەتایبەتی کە جلی کوردی لە چاو جلی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە زۆر مایەی گرینگی پێدان و سەرنج ڕاکێشان بووە.

## ٣. جل و بەرگی کوردی لە دیدی کوردناسەکانەوە

جل و بەرگی نەتەوەیی، جلی ژن و پیاو یەکێکە لە پێکهاتەکانی ناسنامەی نەتەوە، گومانیش لەوەدا نییە، جل و بەرگ دەکەوێتە بەر کارتێکەریی ژینگەی ناوخۆ و کۆمەڵیش، جل و بەرگ بەو جۆرە لێدەکات کە توانستی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا زیاتر بێت. جل و بەرگی کوردی سەرنجی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕاکێشاوە، هەندێکیان بە تێروتەسەلی و هەندێکیشیان بە پەلە و سەرپێیی باسیان کردووە، (سندی، ٢٠٠٨، ٤٧٠). جوانی و ڕازاوەیی و ڕەنگاو ڕەنگی جلی کوردی هۆکارێک بووە بۆ سەرنج دان و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە، هەرچەندە لەمبارەیەوە د.کەمال مەزهەر دەڵێت: "بەهەمان دەستور ئافرەتی لادێیی کورد کەمێک لە ئافرەتی لادێیی چەند شوێنێکی تر پۆشتەترن، حەز بە پۆشاکی ئاڵ و واڵا دەکەن، جل و بەرگیان دڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەمیشیان بەرهەمی سروشتە، ئەو ئافرەتە چاوی بە سەوزایی و شینایی و گوڵاڵە سورەی دڵڕفێن کردۆتەوە و هەمیشە ئەو ڕەنگانە دڵ و هەستیانی بزواندووە، خۆ ئەگەر تەواو پۆشتەش نەبێت ئەوا بەرگەی بەفرانبارێک ناگرێت، دیسان ڕاستە ئافرەتی لادێیی کورد عەبا و پەچەی نەزانیوە، بەڵام هەر ئەوەمان مابو ئەو ئافرەتانە بە عەبا و پەچەوە بەناو درک و داڵی ناو کەندەڵان و چڕە داری لێران و لێشاوی ئاوی ناو گەلیەکاندا مەشکە و هەمانەی پڕ بگوازێتەوە" (ئەحمەد، ١٩٨١، ٧٥). لێرەدا د. کەمال مەزهەر پێی وایە ئەم جوانی و قەشەنگی و ئازادییەی جل و بەرگی کوردی بەرهەمی سروشتە بە نەتەوەکەی بەخشیوە، دەنا هیچ جیاکارییەکی هزری لە پشت ئەمەوە نییە، ئەم بۆچونەی کەمال مەزهەر تاڕادەیەک دروستە و بەهەمان شێوە ئاماژەمان بەوە کرد کە جل و بەرگ وابەستەی سروشت و کۆمەڵگە و جوگرافیایە، بەڵام داب و نەریتی کۆمەڵایەتیش ڕۆڵی لە پێکهاتە و شێوەی جل و بەرگدا گێڕاوە و لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئەو داخراوییە زۆرەی کە لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەریدا هەیە بونی نییە، هەر بۆیە سەرباری پۆشتەیی، بەڵام جوانی و ناسکییەک لە جل و بەرگی کوردیدا بەدی دەکرێت، بێگومان ئەمە بۆ جل و بەرگی ژنان، لە هەمانکاتدا جل و بەرگی پیاوانیش لەمە بەدەر نییە.

بەو پێیەی کە پۆشاک لەبەرچاوە و پەیوەندی بە بینینەوە هەیە، لە نوسراوی گەڕیدەکاندا بەشێکی زۆری بۆ خۆی تەرخان کردووە، وردبونەوەی گەڕیدەکان و تۆمارکردنی بەشە لاوەکی و وردەکانی پۆشاک، هۆکارێکی گرینگە لە جل و بەرگی سەردەمەکانی ڕابردو ئاگاداربین (بەیگی، ٢٠١٤، ٩٨). زۆربەی هەرە زۆری گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان جل و بەرگی کوردییان پەسەندکردوە و تەنانەت یەکێکیان پێچەوانەی نەبووە، ئەو پەسەند کردنەش ڕەنگ و شێوەی بڕین و پاک و خاوێنی گرتۆتەوە، هەروەها هەندێ جیاوازیشیان لە ڕوی جل و بەرگەوە لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاراندا دەستنیشان کردووە، هەروەها جیاوازی نێوان جل و بەرگی ژنان و پیاوانیشیان بەوپەڕی وردەکارییەوە باسکردووە (سندی، ٢٠٠٨، ٤٩٣). هەرچەندە قسەکردن لە بارەی جل و بەرگەوە بە شێوازێکی گشتی بەبێ جیاکردنەوەی سەردەمەکان کارێکی نادروستە، چونکە جل و بەرگ بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری تێدا کراوە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کورد مێژوی خۆی تۆمارنەکردووە و ئاگادارییەکی تەواوی لەبارەی وردەکارییەکانی شارستانیەت و کلتوری خۆیەوە نییە، نوسینی ئەم گەڕیدانە دەروازەیەکی گرینگن بۆ زانین و ئاگاداری ئێمە لەبارەی ڕابردوەوە.

هەر لە بارەی کاریگەری هۆکارەکانەوە، جگە لە سروشت کە بەتەنها توانیویەتی جۆری پۆشاک بە دانیشتوان بسەپێنێ، بەڵام جوانکاری لاوەکی و ڕازاندنەوەی جل وبەرگ بەرهەمی زەین و سەلیقەی خەڵک بووە، کە بە تێپەڕبونی کات بەلایانەوە شێوەی گرتووە و بۆتە هۆی جیاوازی پۆشاکی ناوچەیەک لە ناوچەیەکی تر (بەیگی، ٢٠١٤، ٩٧). بەڵام بەو پێیەی ڕەنگ و وێنە و نەخش و نیگاری سەر جل و بەرگ لە لادێ و دەشت و دەری ڕەنگا و ڕەنگ و جوانی کورداندا ئەوەندە سروشتین، کە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێ لەو وەرزانەدا کە بەفر لەسەر ڕوی زەوی دەتوێتەوە، بەجۆرێک لە خۆ یەکخستنی زەمین لەگەڵ سروشتدا دابنێ (ئێزدی، ٢٠٠٧، ٥٦٧). بۆیە هۆکارە سروشتییەکە کاریگەری فراوانتری لەسەر جل و بەرگ دروستکردووە. جگە لە سروشت هۆکاری ئابوریش کاریگەریی لە سەر پۆشاک هەبووە، واتە ئابوری لاواز لە ناوچەیەکدا جل و بەرگی ساکار و ئاسایی بەدیهێناوە، بە پێچەوانەشەوە بنەمای ئابوری باش بۆتە هۆی بەدیهاتنی گەلاڵە و فۆرمی جوانی جل و بەرگ. هۆکارێکی دیکە کە کاریگەریی لەسەر پۆشاک دروستکردوە، شێوەی ژیانی خەڵکە، بەواتایەکی دیکە شێوەی ژیانی خەڵک فۆرم و گەلاڵەی بەرگی بەدیهێناوە، بۆ وێنە هەڵبژاردنی ژیانی کۆچەری جۆرێک لە پۆشاکی پێویست کردووە کە لەگەڵ ئەو شێوە ژیانەدا بگونجێ (بەیگی، ٢٠١٤، ٩٧).

(د. ە. کریستۆڤ) دەڵێ: " ئێمە ناتوانین ئەوە دیاری بکەین کە جل و بەرگی ڕاستەقینە و ڕەسەنی کوردان چی بووە، کە هەر ناوچەیەک بە پێی شێوەی ژیان و هەرێمی جوگرافیایی نیشتیمانەکەیان هەڵیان بژاردووە و کاریگەریی بازرگانی و پەیوەندی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تردا چۆن بووە لەسەر جل و بەرگیان؟ بۆ نمونە لە باکور لاسایی کردنەوەی نەتەوەکانی قەفقاز دەبینرێ، لە ڕۆژهەڵات ڕۆڵی فارس و لە ڕۆژئاوا کاریگەریی تورک و لە باشوریش کاریگەریی عەرەب دەبینرێت" (نیکتین، ٢٠١٢، ١٥٦). (درک کینان)یش پێی وایە جلی کوردی وەک خودی ڕۆشنبیری ئەم نەتەوەیە لە گەلێ ڕەگەز پێک هاتووە، کە هەندێکیان لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەردا هاوبەشن و هەندێکی تریان تایبەتن بە کوردان، لە نێو شارنشینەکانی چینی ناوەڕاستدا جل و بەرگی ئەوروپایی پەسەندە، بەڵام جلی ئاسایی زۆر باوە و ئەگەر هەمووشی بەکار نەهێنرێ، گەلێ بەشی سودی لێ وەردەگیرێ (کینان، ١٩٩٩، ١١). بەڵام چریکۆف بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەڵێت: "جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان لەوپەڕی جوانیدایە و هەڵپەڕین و سەماکردنیان لەکەس وەرنەگرتووە

و هی خۆیانە" (چریکۆف، ٢٠١٣، ١٧٣). بۆچونی هەردولا تاڕادەیەک بەشێک لە ڕاستی تێدایە، چونکە کورد جلی تایبەت بەخۆی هەیە و زۆرجاریش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی کلتوری دەوروبەرەوە.
(ئیگلتۆن) دەپرسێت چۆن دەتوانی کوردێک لە تورکیا یاخود ئێران یا هەر وڵاتێکی تری عەرەبی کە جلە کلتورییەکانی خۆیان لەبەرناکەن جیابکەیتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: "لەڕاستیدا ئەمە کارێکی ئاسان نییە، لە عێراق و لە ئێران کورد بە ژن و پیاوەوە پارێزگارییان لە جلە کلتورییەکانی خۆیان کردووە، بەئاسانی لەسەر جل و بەرگی خۆیان ماونەتەوە کە زۆر جیاواز و نایابە، زۆرێک لە گەشتیارەکانیش ئەم شێوە دڵگیرەیان بە خەڵکی لادێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەراورد کردووە، کە زۆریان ڕویانکردۆتە بەکارهێنانی جلی ئەوروپی" (ایغلتون، ٢٠٠٦، ٢٠).
(شمیدت) ئاماژەی بەوە کردووە کە کورد زۆر لەبارەی جلەکانیانەوە قسە دەکەن، زۆر شانازی بە جلە نەتەوایەتییەکانیانەوە دەکەن و بە شێوەیەکی سۆزداری پێوەی پەیوەستن، جلی کوردی لایان وەک ئاڵا وایە، لە هەمو بەرگێکی سەربازی پیرۆزترە (شمیدت، ١٩٩٩، ٥٧). لە ڕاستیدا جلی کوردی کە وەک هێمای کوردستانە، بە ڕەنگ و شێوازە جۆراو جۆرەکانی سەرنجی گەشتیارانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، هەرچەندە لە ئێستادا جل و بەرگی کوردی بەهۆی جلی ڕۆژئاواییەوە پشت گوێ خراوە، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی کە جلی ڕۆژئاوایی پۆشینی ئاسانتر و کرداری ترە (Iran Daily، ٢٠١٠). نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئێستا جیهان بۆتە لادێیەکی بچوک، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەمو جومگەکانی ژیان دروستکردووە، بەڵام دەستبەرداربون لە کلتوری نەتەوەیی لە هەمو لایەنەکانی تر قورستر لەسەر نەتەوە دەکەوێت، بۆیە ڕاستە جلی کوردی ئێستا تەنها لە بۆنەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام نەبۆتە هۆکاری سڕینەوە و لە بیرکردنی ئەو کلتورەی کە کوردی پێ لە نەتەوەیەکی تر جیا دەکرێتەوە.

## ٤. جل و بەرگی ژنان

سەبارەت بە جل و بەرگی ژنانی کورد، کوردناسەکان بەپێی ئەو سەردەمەی سەردانی کوردستانیان کردووە و سەرنجی جل و بەرگی کوردییان داوە، بۆچونی جیاوازیان دەربڕیوە، لە هەر سەردەمێکیشدا کاریگەریی جل و بەرگی دەرەکی لەسەر جلی ڕەسەن زیاتر بووە، وەک (هینی هارۆڵد هانسن) دەڵێت: "جلی ئافرەتان هەیە لەڕوی شێوە و پێکهاتەوە لە ڕەگەزی ڕەسەنی کوردییە، هەیە لە ڕەگەزی ئیسلامییە، هەشە ڕەگەزەکانی لە شارستانیی ڕۆژئاواوە وەرگرتووە" (هانسن، ١٩٨٣، ١٥٧).
(ڕیچ) کە لە سەدەی نۆزدەدا هاتۆتە کوردستان، لە وەسفی جلی کوردیدا دەڵێت: جل و بەرگی ژنی کورد لە کوردستاندا بریتییە لە ئاوەڵکراسێکی گەورەی تورکییانە و کراسێکی پانوپۆر، لە ناوەڕاستدا پشتێنێکی دو گۆی گەورەی کەمەرە و هەیاسەی زیو یان زێڕی لەسەر دەبەسترێ، لەسەر ئەویشەوە کەوایەک لەبەردەکرێ، لەسەر شێوەی کەوای پیاوانەیە و لەبەر گەردندا بە دوگمە دادەخرێ، بەڵام دوگمەکەی داناخەن و تا دامێن دەکرێتەوە و کراس و کەمەرە و لەلەی لێوە دەردەکەوێ، ئەم کەوایە لە ئاوریشمی میل میل, یان گوڵدار، یان ڕەنگاو ڕەنگ لە کوتاڵی گوجەرات و بە پێی جیاوازی وەرز و دەوڵەمەندی خاوەنەکەی دەدورێ، لەسەرو ئەمەشەوە سەڵتە دێت و ئەمیش وەکو کەوا دەدورێ، بەڵام دو قۆڵی تەسکی هەیە، درێژییەکەی ناگاتە لای ئانیشک (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٢-٢٦٣).

هارۆڵد پێی وایە زۆر و کەمی ئەو پارچە بەرگانەی ئافرەت لەبەری دەکات بەپێی سارد و گەرمی وەرزی ساڵ دەگۆڕێ، و هیچ بەرگێک نییە کە بە بۆنەی تایبەتییەوە لەبەر بکرێ، نمونەی ژنە دەرەبەگێک لە ماڵی شێخێکی تۆپزاوە دەهێنێتەوە کە بە ئاوەڵکراسی جورجێتی سەوز و ژێر کراسی چیتی سەوز و کورتەکی ڕەشی گوڵ سیم، هەویری شێلاوە و نانی کردووە، کاتێک بزنیشی دۆشیوە هەر ئەو بەرگەی لەبەر بووە (هانسن، ١٩٨٣، ١٧٥). واتە جلو بەرگی کوردی تایبەتمەندیی تیادا پەیڕەو نەکراوە، هەرچەندە ئەمە دەستورێکی زۆر کۆنە و لای زۆربەی گەلان بەو جۆرە بووە، تەنها وەرزەکانی ساڵ نەبێت بەکەمێک گۆڕانکارییەوە جلەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لەو بارەیەوە ڕیچ ئاماژەی بەوە کردووە لە زستاندا لە جیاتی سەڵتە کڵۆنجە لەبەر دەکەن، کە ئەویش جۆرێکە لە سوخمە، بەڵام ناوداره و لۆکەی تێدایە، لە زستاندا چارۆکەش لەبەر دەکەن ئەویش لە ئاوریشمی جۆراو جۆر و چوار ڕەنگە دەدورێ، ئەم چارۆکانە جۆرێکن لە دەسماڵ و کراسی گەرمکەرەوەی بێ قۆڵ و لەبەر گەردندا گرێ دەدرێ و لە دواشەوە تا دەگاتە خوار هەردو ڕەفیسکەوە بەسەر پشتدا شۆڕدەبێتەوە، چارۆکە بەتەنیا بە کراس دانانرێ، بەڵام ڕیچ پێچەوانەی هارۆڵد ئاماژەی بەوە کردووە کە جلی ئاهەنگ لە جلی ئاسایی ڕۆژانە جیاواز بووە، بۆنمونە لە ڕۆژانی جەژن و ئاهەنگدا لە جیاتی چارۆکە سەڵتەیان لەبەر کردووە، پێی وایە لە تورک و ئێرانەوە وەرگیرابێت، لەبەر ئەوە سەڵتەیان لا شیاو تربووە وەک لە چارۆکە, چونکە چارۆکە هەر بە جلێکی تایبەت بە کوردستان ناسراوە (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٣). لە هەندێک ناوچەدا ئەم هاوبەشییە هۆکاری نزیکی و تێکەڵاوی نەتەوەکان بووە ، بۆیە شتێکی ئاساییە کە هاوبەشی لە نێو جل و بەرگدا هەبوبێت.
لە باسی پۆشینی جل و بەرگی کوردانی ناوچەی سنەدا (ژاک دمورگان) ئاماژەی بەوە کردووە کەجل و بەرگیان لە کوردانی موکری دەچێت و تەنیا جیاوازیان لە مەندیلەی سەریاندا دەردەکەوێت. دەڵێت: " کوردانی ناوچەی سنە زۆر بەهێز و ماسولکەیین، ئافرەتەکانیان دەم و چاو ڕێک و زۆر جوانن و (حیجاب) ڕاگرتن نییە، جل و بەرگەکانیان چەند پارچە قوماشێکی کۆنن و بەپێی بێ پێڵاوەوە بەسەر بەفردا ڕێ دەکەن و سەرما کاریان تێ ناکات، ئافرەتەکانیان زۆر جار تاتۆ دەکەن و ئەم تاتۆیە لەسەر دەستەکانیان و دەم و چاو و هەندێ جار لەسەر گشت جەستەیان دەبێت، پیاوەکانیان زۆر کەم ئەویش لەسەر باڵیان تاتۆ ئەکەن" (مۆرگان، ٢٠١٢، ٧٥-٧٦). بێگومان مەبەستی دمورگان لە تاتۆ (خاڵ کوتین)ە، کە نەریتێکی باو بووە لە نێو کورددا، بۆ پیاوان کەمتر بەکارهاتووە, چونکە لە نێو کورددا بەکارێکی شیاویان نەزانیوە پیاو خاڵ بکوتێت و تاڕادەیەک بە چاوێکی سوکەوە تەماشایان کروە.
لەبارەی ئەو کەرەستانەی کە جلی ژنانی لێ دروستکراوە، ئیگلتن ئەوەی خستۆتە ڕو کە لە حەریر دروست کراوە، بەڵام جلە دوراو و چنراوەکان بە دەست لەلایەن ژنانەوە دروست دەکران (ایغلتون، ٢٠٠٦، ٢٠).
(مێجەرسۆن)جل و بەرگی ژنانەی لە باکوردا بە سادە و ساکار وەسف کردووە، کە پێک هاتووە لە کراسێکی ئاودامانی ڕەنگی و ئاوەڵکراسێکی تەواو کە لە داوێنەوە سورمەییە، هەروەها سەروپێچێکی گەورەشیان بەستووە. کە لە چاو ناوەڕاست و باشوری کوردستان، جل و بەرگ زیاتر ئاڵۆزتر بووە (سۆن، ٢٠١٨، ٣٩٥). لە کاتی سەرماشدا ئەو جلانەیان زیاد کردووە و کردویانە بە لباد (نیکتین، ٢٠١٢، ١٥٦). بۆیە جیاوازییەکی زۆر لە جل وبەرگی ئافرەتاندا لە سەرانسەری کوردستانی گەورەدا بەدی دەکرێ، لە گوندەکانی عێراق و ئێران و تورکیادا گەلێک ژن یان جلی ڕەنگاو ڕەنگی نەریتی خۆیان کە جیاوازە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، یان کراس

لەبەر دەکەن، ئەم ئافرەتانە بەگشتی کە دەچنە بازاڕ تەنیا سەریان دادەپۆشن, بەڵام لە ماڵەوە و لە کێڵگەکانیاندا سەرپۆشیان پێوە نییە، ئافرەتی کورد لە شارەکاندا بەگشتی عەبا یان چارۆگەی درێژی ڕەش کە سەر و هەمو لەشیان جگە لە دەم و چاو دادەپۆشێ دەدەن بە سەریاندا، لەسەر شەقامەکانی ئێران ئەمشێوەی خۆداپۆشینە مەرجە، کە (ئەمە بۆ سیاسەتی ئەو دەوڵەت دەگەڕێتەوە)، بە پێچەوانەی گوندەکان یان لە ماڵەکاندا هەمو جۆرە بەرگێک شیاوە، لە عێراق ئەم جۆرە خۆداپۆشینە ئازادانەیە و بەزۆری ژنانی بەتەمەن و نەریتخواز و پیر لەبەری دەکەن، لە تورکیادا ئەمشێوازە بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت (بێرد، ٢٠١٨، ١٦٧).

(مستەر برانت) دەڵێت:" ژنەکان هەمویان سوخمەی سوریان لەبەر کردبو و سەرپۆشی تەنکی کەتانی سپییان لەسەر دانابو، کە تا نێوقەدیان شۆڕدەبۆوە، .... هەمویان جل و بەرگی جەژنیان پۆشیبو جل و بەرگەکانیان ئاسایی بون و تۆز و خۆڵی سەفەریش هۆکارێکی تر بو بۆئەوەی جل و بەرگەکان بە ئاڵا و والآیانە دەرنەکەون". (برانت، ٢٠١٣، ١١٠). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی جل و بەرگی جەژن جیاوازبووە لە جل و بەرگی ئاسایی.

(کاڤن یۆنگ)کە درەنگ سەردانی کوردستانی کردووە، ساڵی (١٩٨١) جلی فەرمی کچانی کوردی بەدڵ بووە، تەنانەت ئەو پۆلە قوتابیانەی لە قوتابخانەوە دەگەڕانەوە دیمەنێکی دڵڕفێنیان لا دروست کردووە، وای بینیون بە جلەکانیان شادبونە کە درێژیان گەیشتۆتە سەر پێ و ڕەنگیان گەشاوە بووە، زۆر کەمیشیانی بینیوە کە پارچەیەکی تەنکیان خستۆتە سەر سەریان (سندی، ٢٠٠٨، ٢٩٢).

سۆن ئەو جل و بەرگانەی بە سروشتی کوردییانە لە قەڵەم داوە کە لەلایەن ژنانی سلێمانییەوە لەبەر کراون، ئەوەشی نەشاردۆتەوە کە لە ژێر کاریگەری شێوازی عەرەبیدا بووە، جل و بەرگی ژێرەوە بریتیبووە لە ژێرکراسێکی کورت و ئاوەڵکراسێکی پانوپۆر، کە بەشی سەرەوە لە مەلمەلێکی لۆکەی سپی و داوێنەکەشی لە قوماشی خەتخەت دروستکراوە، بەسەر ئەوەدا کراسێکی ئاودامان لەگەڵ فەقیانەیەکی لۆکەی سپی و لە لاملەوە کراوە  لەبەر کراوە و ، بەسەر ئەوەشدا کەوایەکی هاوشێوەی پاڵتۆیەکی درێژ کەدەگاتە سەر پێکان بێ دوگمە بووە و لە پێشەوە لە یەکیان نەداوە، لە قوماشێکی ئەستور دروستکراوە، قۆڵەکانی کەمێ تەسک بووە، بەڵام تلیشێکی بەڕوی ناوەوە تێدا بووە (سۆن، ٢٠١٨، ٣٩٥).

(ولیەم هیود) لەبارەی جل و بەرگی هۆزەکانی ناوچەی کفریەوە دواوە، جلی ئەو هۆز و گەلانەی بە سادە ناساندوە، لەگەڵ ئەو ژیانەی بەسەریان دەبرد و ئەو سروشتە شاخاوییەی ئەو ناوچەیەی تێیدا ژیاون دەگونجا، پیاو و ژنەکانیشیان جۆرە پاڵتۆیەکی خوری کەمێک درێژیان لەبەرکردووە، شەرواڵێکی درێژ، کە لە ناوقەدییەوە بە پشتێنێکی چەرمی بەستراوەتەوە، لەسەرەوەشی پارچە قوماشێکی چوارگۆشە شانەکانی داپۆشیوە، هەردوو گۆشەکەی بەسەر سنگیانەوە بەستۆتەوە، جیاوازی سەرەکی نێوان جل و بەرگی پیاوان و ژنان، ئەوەیە پیاوەکان کڵاوێکی خوری لەسەر دەکەن، کەچی ژنەکان پارچە پەڕۆیەک لەسەر شێوەی مێزەر بە دەوری سەریانەوە دەپێچنەوە (هیود، ٢٠١٢، ٤٢).

لە بارەی جیاوازی جل و بەرگ لە شار و لادێدا، یاخود لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا، هارۆڵد ئاماژەی بەوە کردووە کە جیاوازی نێوان جلی ئافرەتی دەرەبەگی لادێ و جلی ئافرەتی ساکاری جوتیاران لە شێوە و لە ژمارەی پارچەکاندا نەبووە، بەڵکو لە ڕەنگ و جۆری قوماشەکەدا بووە، جلی ژنە جوتیاری لادێ زۆربەیان قوماشی سپی گوڵ گوڵ یان زۆر تێر ڕەنگ بووە (هانسن، ١٩٨٣، ١٧٧-١٧٨).

هەر لە بارەی جیاوازی ژنانی شار و لادێوە باس لەوە کراوە کە ئافرەتە هەژارەکانی شارەکان لە جل و بەرگدا لاسایی خانمە خانەدانەکانیان کردۆتەوە، بەڵام ئافرەتە گوندنشینەکان هەر تەنیا کراس و ئاوەڵکراسی شینی ئەستوریان لەبەر کردووە و لە کەمەریشدا پشتێنیان لەسەر بەستووە، چارۆکەشیان لە قوماشێکی شینی تێر دروست کردووە کە دامێن و پەراوێزەکەی میل میلی سپی بووە و لەسەرەوە لەسەر سنگیان گرێیانداوە. کڵاوی سەریشیان فێستێکی بچوک بووە (ریچ، ٢٠٠٢، ٢٦٣). (فرایزەر)یش بەهەمان شێوە ئاماژەی بەوە کردووە کە ژنەکان جلێکی شین باویان لەگەڵ شەرواڵی فراوان لەبەر کردووە، کە لای قولە پێوە تەسک بۆتەوە، و کەوایەکی چوارگۆشە کە لە دولاوە  تەسک بۆتەوە لەبەر کردووە، بۆ سەریش پارچەیەکی بازنەیی لە زیو کە ئەڵقەی گەورەی پێوە بووە و بەهەر یەکێکیانەوە پارچە دراوێکی پێوە لکاوە بە دەوری سەر و ملەوە بون و هەموی لە زیو دروستکراوە (فریزر، ٢٠٠٦، ٢٠).

لەبارەی سەر بەست و سەرپۆش و بابەتەکانی جوانکارییەوە قسەی زۆری لەبارەوە کراوە، بەڵام تێکرا بە شێوازێکی جوان وەسف کراوە، خاتو (ئیستارک) لە وەسفی جوانی ژنی کورددا دەڵێت: "...تاسکڵاو و شەدە و گێلگێلەی سەریان، پەپولە شەرمی دەکرد لەسەر گۆنای لە چەشنی گوڵیان بنیشێتەوە، شەرواڵی ڕەنگین و پاوانە لەپێ بون، دەردە لینگی چندراوی شەرواڵان کەوتۆتە سەر گوێزنگی پێ ڕوتەکانیان، بێجگە لە خاڵی سروشتی، خاڵی پیرۆزەییان لەلای لێو کوتابوو، ... پاوانەی زیوینی ئەستوری پێیان لەبەر تیشکی ئاگری تەنورەکە دەدرەوشایەوە و بریسکەی دەهات" (حوسێن، ٢٠١٣، ١٢٦-١٢٧).

بە بۆچونی (ئیگلتن) هەر یەکێک لە ژنان و پیاوان کڵاوی حەریر و لۆکەی دروستکراوی بەستوە و زەخرەفەی دەستی تێدابووە، کە بەکوردی پێی دەڵێن کڵاو، بەڵام ژنە دەوڵەمەندەکان پارچەیەک جوانکاری لە ئاڵتون و زیو بەسەریانەوە هەڵواسیوە، کە شێوەیەکی جوانتر و سەرنج ڕاکێشتری بە ڕوخساریان بەخشیوە (ایغلتون، ٢٠٠٦، ٢٠-٢١). بەڵام ژنانی موکری و سنە و ناوەران بەوە لە ژنانی تیرەکانی تر جیا کراونەتەوە مێزەری گەورەتریان بەستووە، برێکی گەورە لە دەسرۆکەی حەریری ڕەنگاو ڕەنگیان پێکەوە تێکەڵاو کردووە، گوارە، بازنە، پۆیلانە کە لە پارەی ئاڵتون دروستکراوە بەدەوری ناوچەوانیاندا کردووە، کە لەگەڵ جل و بەرگەکانیاندا هاوبەش بووە، لە ناو ژنانی موکریدا زۆرجار سەریان داپۆشیوە، ئەگەر ئەوەش نەبێت چارۆکەیەک لە قوماشێکی ئەستور بە شان و ملدا داوە، (حیجاب) بەتەواوی لای کوردەکان نامۆ بووە و ژنان هەرگیز ڕوی خۆیان نەشاردۆتەوە (سۆن، ٢٠١٨، ٣٩٥).

بەڵام خاتو هارۆڵد ئاماژەی بەوە کردووە کە لە کوردستانی خواروودا عەبا و پەچە هەیە، کە لەش و دەم و چاویان بەتەواوی دادەپۆشێ (هانسن، ١٩٨٣، ١٧١). بە پێچەوانەی ئەمەوە لە سەرچاوەیەکی تردا دەوترێت، هەرچەندە ژنانی کورد جل و بەرگی زۆر سادە لەبەر دەکەن بە جۆرێک کە داپۆشراوین، بەڵام (حیجاب) ناپۆشن (Saarinen، بەبێ ساڵی چاپ، ٤). لە ڕاستیدا زۆربەی کوردناسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی پەچە لە نێو کورددا نەناسراو بووە، بەڵام ناکرێت نکۆڵی لەوەش بکرێت کە لە هەندێک شوێندا پۆشراوە، ئەمەش جارێکی تر بۆ کاریگەری و تێکەڵاوی ڕەگەزەکانی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە.

ریچ دەڵێت: سەر و پێچی ژنەکانیان زۆر قورسە و تارادەیەکیش ئازارێکی زۆری پێوە دەکێشن، زۆرجاریش قژی تەوقەسەریان پێوە دەڕوتێتەوە، لەو شتانەش کە بەگران

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp1-11

بڕوایان پێدەکرێ، ئەوەیە بەم سەر و پێچانەشەوە دەخەون و سەرینی بچوک دەخەنە ژێر سەریان و زێڕ و خشڵیشیان کەمە، زۆربەشی بریتییە لە زێڕ و مەرجان، بەڵام ئافرەتی چینی ڕەشۆکی دراوی زیو و پارچە مەعدەنی بچوک و مور و بەسەر و پێچەکانیانەوە دادەدورن (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٤).
کڵاوی سەر بریتییە لە فێستێک کە کەمێک ڕازێنراوەتەوە بە دەسرۆکەیەکی ڕەنگین لە پشتەوە دەدرێت بەسەردا و زۆرجار دەهێنرێتەوە بۆ ژێرگەردن، سرکەیەکی ڕەش لە دەوری دەبەسترێت، کە لە شامار دەچێت، ئیدی سەرپۆشێک دەدەن بەسەریاندا کە پۆشاکێکی ناسک و شکۆدارە، سۆن ئەم سەروپێچەی بەدڵ بووە و دەڵێت بەتایبەتی کاتێ باڵا بەرزێک دەپیۆشێت وەک زۆربەی ژنانی سلێمانی (سۆن، ٢٠١٨، ٣٩٥). لە ژێر ئەم سەر و پێچەشەوە سەرپۆشێکی گەورە کە پێی دەڵێن دەسماڵ دەیدەن بەشان و ملیاندا و لەسەر سنگدا گرێ دەدرێ و بەشی دواوەی بەسەر پشتدا شۆڕدەبێتەوە، ڕیچ دەڵێ وەک بیستم ئەم دەسماڵە هەر ژنەکانیان بەسەر شانیاندا دەدەن، قژیشیان لە پشتەوە زۆر دەرناخەن, بەڵام ئەگریجەیان بەملا و لای لاجانگیاندا بەردەدەنەوە (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٣).
سەروپێچی ئافرەتی کورد ناتوانرێ بە تەواوی و بە وردی باسبکرێ، کەلە قوماشی ئاوریشمن یان هەموی لە شاڵی ڕەنگا و ڕەنگی وەک پەلکە زێڕینە و بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و هونەری لای ناوچەوانەوە ڕێکی دەخەن و بەجۆرێ بە دەرزی سنجاق ڕاگیری دەکەن کە وەک تاج یان بە واتایەکی تر وەک قۆچکەیەکی لێدێت، کە ئەوەندەی دو پێ بەسەر سەریانەوە بەرزدەبێتەوە، بەڵام ئەملا و لاکانی بە دیوی پشتەوەدا بەردەدەنەوە بۆ بەرپێ، ئافرەتە دەوڵەمەندەکانیشان پێشی هەنییەیان بە لاگیرە و سەر پەرچەمی پان دەڕازێننەوە، کە وردە گەڵای زێڕیان پێدا شۆڕدەبێتەوە لەملا و لای فێستەکەشەوە ڕستێک شیلانەی ئاڵی پێدا بەر دەبێتەوە، ئەم ڕستە شیلانەش هەر بە لاگیرەکەوە بەندە (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٣). هەربۆیە وتراوە کە ئادگاری ئافرەتی کورد لە جل و بەرگ و لە خشڵ و زێوەردا لە جوانی شارستانێتی خۆیدایە (هانسن، ١٩٨٣، ١٥٧). بەو پێیەش کە خشڵ بە هەمو جۆرەکانیەوە لە جل و بەرگی ئافرەتان جودا ناکرێتەوە، خشڵ ڕەگەزێکی ڕازاندنەوەی جل و بەرگە و کار لە سەراپای کەسێتی ژن دەکا و ئادگاری تەواو دەکات، هەندێ پارچە بەرگ هەن خۆیان لە خۆیانەوە خشڵن، بۆ نمونە وەکو ژێر چەنە یان کرمەک ،کە یان دراوە یان مورورە، توند کڵاو لەسەر سەر ڕادەگرێ، یان وەکو دراوی سەر تۆقەڵەی فێز، کە دەسماڵی لێ دەبەسترێ، گۆبەرۆک لە لێواری سوخمە دەدورن، گەردانەی جەوهەرداش و گەردانەی زیویش هەن کە شێوە و مادەکەیان بۆ چاوەزار باشە، هەروەها قاپ قورعان و لولەی بە پولەکە بە خۆوە دەکەن، وەکو دراوی سەر فێس یان وەکو لاگیرە کە زنجیرە قاشێکە و لەسەروبەست قایم دەکرێ، چەک و خشڵ کردن بەشێکە لە نەخت و موڵکی تایبەتی ژن و باری ئابوری ئافرەت پێشان دەدات، ئافرەت خشڵ بە خۆیانەوە دەکەن و ئەم خشڵ بەخۆوە کردنەش باشترین شوێن و شێوازی خشڵ هەڵگرتنە، خشڵی تری وەکو گوارە و بازن و خرخاڵ و بەرمورە و ملوانکە و خەزێم و لوتەوانە و کەمەرە و هەیاسەش هەن (هانسن، ١٩٨٣، ١٨٩-١٩١). چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر حەز بە پاراستنی سەروەت و سامان دەکەن، بەتایبەتی لە شێوەی ئاڵتونی ژناندا، بۆنمونە جل و بەرگی بوک بەشێکی زۆری لە ئاڵتون و زیو پێکهاتووە، کە لەلایەن ماڵی زاواوە دەکڕدرێت (Rob Son، ١٩٩٦، ٣٤). ئەمشێوازی هەڵگرتن و حەز کردنە بە خشڵ هەر لای ژنانی کورد باو نییە، بگرە لە هەمو ڕۆژهەڵاتدا نەریتێکی باوە، لای ژنانی کوردیش بۆ ئەو ژیانە سەختە گەڕاوەتەوە کە ژن خاوەنی هیچ پێگەیەکی ئابوری نەبووە و بە تاکە سەرچاوەی دارایی ژن هاتۆتە ئەژمار، بۆیە هەمیشە لە هەوڵی دەستخستنی زێڕدان.

## ٥. جل و بەرگی پیاوان

جلی پیاوانیش هاوتای جلی ژنان سەرنجی کوردناسانی ڕاکێشاوە و قسەی زۆریان لە بارەوە کردووە، (شمیدت) سەرنجی ئەوەی داوە کە جلی کوردی پیاوان لە ڕوی شێوەوە لە خێڵێکەوە بۆ خێڵێکی تر جیاوازە، هەر لە پێچانی سەر و بەستەوە تاهەڵبژاردنی قوماش و بەستنی پشتوێن، بەڵام پێی وایە بە شێوەیەکی گشتی سیماکانی جلی کوردی بریتییە لە پێچی سەر، کەلە پارچەیەک یاخود چەند پارچەیەک پێک دێت، کەتا لە بەشی ڕۆژئاوای کوردستانی عێراقەوە بۆ باشور، نزیکی سنوری ئێران ببیتەوە پێچانەکە زۆر دەگۆڕێت، کە سەر چاو و گوێ دەگرێتەوە (شمیدت، ١٩٩٩، ٥٧).
ڕیچ جل و بەرگی پیاوانەی کوردی لە ڕوی کوتاڵ و شێوەی دروستکردنەوە بە جل و بەرگی تورکی دەچوێنێت و جگە لە میریش بەشێکی کەم چۆغە یان سەڵتە و جبەی لە شاڵی ئەنقەرەیی دروستکرا و لەبەر دەکەن، جلی ئاسایی سەرەوەیان وەک کراسی ژێرەوە دەدورێ و لەبەرگەردندا دوگمەی لێدەدرێ، بەڵام هەروا دەیهێڵنەوە و دایناخەن، ئەمە لە قوماشی ئاوریشمی گوڵدار یان خەت خەت دروست کراوە (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٤). هەروەها (ئەلفرێد ژاکوب)یش ئاماژەی بەوە کردووە کە جل و بەرگیان جیاوازیەکی کەمی لەگەڵ جل و بەرگی تورکەکاندا هەیە، هێندە نەبێ کە جل و بەرگی کوردان کەمێک سوکترە، کوردەکان زۆربەی جاران لە جیاتی جبە پاڵتۆی لە توکی بزن دروستکراو لەبەر دەکەن، کڵاوێکی درێژی ئەستوری لە خوری دروستکراوی سور لەسەر دەکەن، کە بە شاڵێکی ئاوریشمینەوە پێچراوە بە پارچە قوماشێکی پڕ ڕەنگ دەدرەوشێتەوە (پیربال، ١٩٩٩، ٨٣-٨٤). مۆریەش سەرنجڕاکێشترین تاقمی بە دەستەیەک لە کوردەکان داناوە، پێی وایە لەبارەی جل و بەرگ و ڕواڵەتی تایبەتییەوە لەگەڵ ئێرانییەکاندا زۆر جیاوازن، ئەمانە دیمەنێکی جوانیان خوڵقاندوە، کڵاو و چەک و بەرگی ئەسپەکان و ڕواڵەتیان لە تورکەکان چووە، بەڵام لە سیمایاندا جۆرێک لە دڕندەیی تایبەتمەندی ژیانی کۆچەری بینراوە، ڕەنگە زیندویی جل و بەرگەکەیان لەگەڵ پارچەی کەتان و ئاوریشم و مەخمەل هۆکاری ئەو سەرنجڕاکێشانە بێت (مۆریە، ٢٠١٣، ٥٥). پێدەچێت ئەم پێچواندنەی جل و بەرگی کوردی بە جلی تورکی تەنها بەهۆی ئەوەوە بێت کە هەردو بەرگەکە لە ڕوی شێوازی دورینی هەندێک پارچەی جلی پیاوانەوە تاڕادەیەک لەیەک دەچن، وەک شەرواڵ کە لە شێوازی دوریندا لەیەک دەچن و کەمێک جیاوازییان هەیە.
شمیدت کە لە ڕێگای زاخۆوە سەردانی کوردستانی کردووە، جل و بەرگی پیاوانی زۆر بەدڵ بووە، وتویەتی پەیوەندی بە سروشتی کوردەوارییەوە هەیە، باسی ئەو پیاوانە دەکات کە چاوی پێکەوتون، شەرواڵی کوردییان لەبەر بووە، بەڵام بە ڕەنگی جیا، قاوەیی، بۆر، پرتەقاڵی، هەندێکیان یەک ڕەنگ و هەندێکیشیان خەتی پان و ئەستونی و ڕەنگی کاڵی لەخۆ گرتووە، کراس و جامانەکانیان کە خاڵی ڕەش و سپی یان سورو سپی یان شینی تۆخیان تیایە، بە بۆچونی ئەو دیمەنێکی سروشتییان پیشان داوە (سندی، ٢٠٠٨، ٤٧٥).
جل و بەرگ وەکو شوێنی نیشتەنی کوردی کاریگەر بووە بە سروشتی ئەو دەوروبەرەی کە کورد تیایدا ژیاوە، (دیکسۆن) دەڵێت ئەو کوردانەی لە ناوچە بەرزەکان دەژین جل و بەرگی قۆڵ کراوە و شەرواڵ لەبەر دەکەن، کە بە لەشەوە

نوساوە و پشتێنێکی بەرز لە دەوری پشتیان دەبەستن (نیکتین، ٢٠١٢، ١٥٠). جل و بەرگ بە شێوەیەکی ئاسایی بریتییە لە کراسێکی پەمۆیی سپی قۆڵ درێژ و شەرواڵێکی بەرینی پەمۆ و چاکەتێکی ڕەش کەلەسەر گەدەدا دەگاتەوە یەک و دەخرێنە ناو شەرواڵەکەوە، لەناو قەدیشی پارچە قوماشێکی درێژ و لولدرا و بە نەخش لە پێش و پشتەوە دەبەستێ کە بەزۆری ڕەش یان شینە، درێژییەکەی لە نێوان (٣- ١٥ )یاردەدایە، کەلە پشت دەکرێ مەودای نێوان ناوقەد و بن هەنگڵ دەگرێ (ئارەهی، ٢٠١٠، ٤٤).

(شمیدت) باسی لەوە کردووە کە کوردەکان گەلێک باسی جل و بەرگی خۆیان بۆ کردووە، تەنانەت شانازییان بە جلی نیشتمانیی خۆیانەوە کردووە، جل و بەرگیشیان لە شێوەدا لەسەر ئاستی هۆز و بنەماڵە و شوێن گۆڕاوە، وەک چۆن لە پێچانەوەی سەرپێچ و جۆری کوتاڵ و بەستنیدا دەردەکەوێ، بەڵام لە ڕوی سیمای گشتییەوە چونەتەوە سەر یەک، چونکە هەر هەمویان لەسەر پێچ کە پارچەیەکە یان دووان پێک هاتووە، هۆزەکانی جێنشینی بەشی ڕۆژئاوای کوردستانی عێراقیش یەکێک لەو پارچانە سێ گۆشە قەد دەکەن و بە توندی لە دەوری کڵاوەکەی سەریان دەپێچنەوە، هەندێکیشیان بەیەک پارچە دەیبەستن و هی واش هەیە دو بە باشتر دەزانێ، لەلای ڕۆژهەڵاتیشەوە لەسەر سنوری ئێران نەریت وایە ئەو پارچەیە شل ببەسترێ تا بەسەر سەروچاو و گوێدا بێتە خوارەوە (شمیدت، ١٩٩٩، ٥٧).

بە شێوازێکی گشتی قات جل و بەرگێکی ڕەسەنی پیاوانی کوردە، ئەویش دو جۆر دەستوری هەیە، هەریەکە لەناوچەیەکدا باوە، دەستوری ناوچەی سلێمانی و دەستوری ناوچەی دەوروبەری ڕواندوز. بەرگی سەرەوەیان ڕانک و چۆغە هەردوکیان لە کژ(مەرەزە) دروست دەکرێن و خۆیان لە ماڵەوە کژەکە دەچنن، یاخود بە ئامادەکراوی لە بازاڕ دەیکڕن، ڕانکی ناوچەی سلێمانی کژەکەی قاوەیی تۆخ، قاوەیی کاڵ، سپی زەردباوی هەیە (هانسن، ١٩٨٣، ١٩٦-١٩٧). پشتێنیش نزیکەی (٤مەتر) درێژە، وەکو لولە وایە و ناواخنی تێ دەئاخنن تا ئەستور بێ، ناواخن پارچە پەڕۆیە لێکی دەدورن، پشتێنیش ئارموشی دەستکردی گوڵ گوڵییە (هانسن، ١٩٨٣، ٢٠٥).

سەبارەت بە جل و بەرگی کوردی موکری باکور، باشوری ورمێ، شاڵێکی حەریری خەت خەت لەسەریان دەبەستن، سور، سپی و شین، داوێنەکەی گێژ و گولینەگەی پێوەیە، کە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لە دەوری کڵاوێکی سوری چنراو دەبەسترێت و ڕیشو و گولینگەکانی بە ڕێکی بەردەدەنەوە، پۆشاکی بەریان بریتییە لە جۆرە کەوایەکی بێ قۆڵ و چاکەتێکی پانوپۆڕی تورکی گەرمی قۆڵدار، کە زۆرجار دەوڵەمەندانە چنراوە، ئەویش بەپێی پلەوپایەی خاوەنەکەیەتی، لە ژێریشەوە شەرواڵێک لەبەردەکەن، لەدەوری کەمەریان لە جیاتی شاڵ کەمەر بەندێکی زیوی زل و ناقۆڵا دەبەستن، تەنها خەنجەرێکی کوردی پێدا ناکەن، بەڵکو جوتێ دەمانچەی دەسکردای مسی زەرد یان زیوی پێدا دەکەن، هەروەها لێرەدا کەڵەشاخی باروت و سەندوقی فیشەک و ئەو جۆرە شتانەی پێدا دەکرێت و لەسەروی هەمو ئەوانەشەوە جۆرە عەبایەک دەکەن بەسەریدا کەلە توکی وشترە سپی یان ڕەشە یان خەتخەتی سپی قاوەیی و ڕەش لەسەر سنگی دەبەسترێت (سۆن، ٢٠١٨، ٣٩٣).

(مێجەر نوئێلیش) لە باسی عەشیرەتی ڕەشواندا دەڵێ، شاڵ و کراسی کراوە و ئاڵ و واڵا لەبەردەکەن، چاکەتەکانیان تەقاڵەی پێ ئەوترێت و بە تاڵی سور دەچنرێت، کڵاو فیستی سەریشیان زبرە و پێی ئەوترێت کوڵک یاخود هوم، عەبای چیتی سوریش دەپۆشن (نوئێل، ١٩٨٤، ٩٧). (سایکس)یش ساڵی ١٩٠٨ لەبارەی هۆزی جوبرانەوە نوسیویەتی، "پیاوان جلی زۆر سەیر لەبەر دەکەن، هەندێ جار لەسەر دەستوری میوە فرۆشەکانی ئەوپەڕی ڕۆژهەڵات وەک دوگمە سەدەف، یەخە و سەردەستی مەخمەلی ڕەش، شەرواڵی فش و فراوان، تول دەپۆشن و ئەوانەش کە دەسرۆن، ملپێچ لە مل دەئاڵێنن، کڵاوێکی لبادی یەک پێ درێژ دەکەنە سەر کە لە قەلپاخ دەچێ و بەدەوروبەریەوە مێزەرێکی سوکی هەریر دەئاڵێنن" (ئێزدی، ٢٠٠٧، ٥٧٣).

شمیدت دەڵێت: "زۆر سەرسام بوم بەم پێکهاتە ڕێکە لە جل و بەرگ، و ئەوەی تێنەگەیشتم ئەوەیە چۆن کورد تەحەمولی ئەو پۆشاکانەیان دەکرد لە کاتی گەرمای بەتیندا"(شمیدت، ١٩٩٩، ٥٩). بەهەمان شێوە ئیدمۆنزیش کاتێک باس لە جل و بەرگی پیاوان دەکات هەمان بۆچونی هەیەو بە سەرسوڕمانەوە باس لەوە دەکات کاتێک مرۆڤ دەبینێ کوردێک لە هەوای گەرمدا ئەو هەمو جلەی لەبەر کردووە توشی سەرسوڕمان دەبێ(ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٢٤).

خێڵە شاخاوییەکانی نێوان مەرعەش و مەڵاتیەش لە هاویندا شەرواڵ و زابوم کە کراسێکی تەنکە و ساقۆ کە ئەچێتە سەر چاکەتی ئەوروپاییەکان دەپۆشن، لە زستانیشدا شاڵ و شەپەک لەبەر دەکەن کە جل و بەرگێکی نەتەوەیی کوردن، کڵاوێکی سور کە پێی ئەڵێن عەرقچینی کوری یا کڵاوێکی سپی زبر کەپێی دەڵێن کۆلیک لەگەڵ بوگاری شاریدا دەکەنە سەر (نوئێل، ١٩٨٤، ١١٧).

(ڕیچ)یش ئاماژەی بە جل و بەرگی زستان کردووە کە لە زستاندا سەڵتە (لبادە) لەبەر دەکەن و پشتێنیشی لەسەر دەبەستن ئاوەزونەکەی لە زێڕ یان لە زیو دروست دەکرێ و بەبەردی لاجیوەرد دەیرازێننەوە و لەسەرو هەمو ئەمانەشەوە عەبای ئاسایی لەبەر دەکەن (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٤). لە زستاندا جگە لە شەرواڵ کەلە چنینی ماڵەکان دروست دەکرێ، دەرپێیەکی دیکە لە بن شەرواڵ لەپێ دەکرێ کە بەزۆری سپی خەت شینە و دەگاتە سەرپێیەکان، لە کاتی سەرماشدا قاپوتێکی لە لباد دروستکراو لەبەر دەکەن، کە قۆڵی کورتە، لەبەرئەوەی زۆر کەم قۆڵی تێهەڵ دەکێشن، بۆیە لەسەر شانەکانەوە بەرز دەبنەوە، ئەو کەسەی لەبەری دەکا لە داهۆڵ دەکا(ئارەهی، ٢٠١٠، ٤٥). بەڵام دەوڵەمەندەکان چاکەتێک لەبەر دەکەن لە قوماشی شینی تۆخ، شتێک لەسەر دەکەن کەلە فەروی ڕەش دروستکراوە، ڕەنگی جل لای ژنان زیاتر سوری تۆخە لە کاتێکدا پیاوان ڕەنگی شین و خۆڵەمێشیان لا پەسەند ترە (ویگرام، ویگرام، ٢٠٠١، ١٦٤). بەڵام لادێی و خێڵەکی هەژار کراسی ئاودامان لەبەر دەکەن و لە سەرو ئەمانەشەوە کەوایەک لەبەر دەکەن لە شاڵێکی ئەستور دروست دەکرێ و یەخەکەی کراوەیە و لەکەمەردا قایشێکی ئاوە زون مسی لەسەر دەبەستن، ئەم کەوایە لە خوار پشتێنەکەوە بەیەکەوە نادورن و هەروا بەهەڵدراوی لە شێوەی چمک و لۆی پاڵتۆدا، دو چمکی دواوەی ئەو دوانەکەی تری لە پێشەوە دەهێڵنەوە، ڕەنگی ئاسایی ئەم کەوایانە سپی یان بۆر، بەڵام بەرۆک و سەرقۆڵەکانی بە دەزوی ڕەنگا و ڕەنگ پەراوێزی بۆ دەچنرێ، مێزەرەکانیشیان لە قوماشێکی لۆکەی ئەستورە و ڕەنگی سورێکی تۆخە، چواردەوری بە ڕەنگی شین دەچنرێ، ئاساییەکانیشیان عەبا بەسەر شاندا دەدەن، یان عەبایەکی خوری چنی ئەستور و ڕەنگ تۆخ لەبەر دەکەن. (کەپەنگ)یش کە لبادی سپی و ئاسایی، یان لە کەوڵێکی کورتی بزن دروست دەکرێ، بەرگێکی ترە و هونەری تێدا نییە و لەو جل و بەرگانەیە کە ئاسایی لەسەرەوە لەبەردەکرێن (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٢٦٥).

فرایزەریش لە باسی جلی هەژارەکاندا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەژارەکان چاکەتێکی کورت و شەرواڵی خوری فراوان لەبەردەکەن لەگەڵ چاکەتێکی لە لباد دروستکراوی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp1-11

بێ قۆڵ، پێڵاوی لۆکە و گۆرەوی خوری لە پێدەکەن و کڵاوی کوردی تایبەت بە خۆشیان دەخەنە سەر سەر (فریزر، ٢٠٠٦، ١٩).کورد بە هەمو چینەکانیانەوە واتا بە هەژار و دەوڵەمەند و گەورە و بچوکیانەوە خەنجەر هەڵدەگرن (ریچ، ٢٠٠٢، ٢٦٥). خەنجەر هەڵگرتن لای کوردەکان زۆر ئاساییە، دەسکی خەنجەر رەنگە لە عاج یا شاخ بێت، کالانی خەنجەر دارە و چەرمی تێدەگرن، بەڵام لەوانەیە لە زیو و بەدەگمەن لە زێرپشی سازکەن، خەنجەر لەبەر پشتێن دەنێن و هەندێکجار تەسبیح لە دەسکەکەی دەئاڵێنن و خاوەنەکەی خۆی پێ دەخافڵێنێ، هەندێک لە پیاوانی لادێ سەبیلەیەکی درێژیش لەبەر پشتێن دەنێن یا لە نزیک پشت ملیان بە چۆغەکانیانەوە هەڵدەواسن (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٢٣).

ئەوەش کە بەتایبەتی کورد جیادەکاتەوە، مێزەرەکەیەتی و بریتییە لە پارچە قوماشێکی ئاوریشمی سفتی رەنگا و رەنگی سور و زەرد و شین، کە زێر و زیویان تێکەڵە و ئەم مێزەرە بە جۆرێ دەبەستن پێشی هەنییەیان بەدەرەوەبێ، هەنییەی کورد زۆر جوانە و جوامێرانەیە، هەر لە قوماشی مێزەرەکەی خۆی گوڵنکە و ریشوی رەنگینی چنرا و بەسەر شان و ملیاندا شۆڕدەبێتەوە، ئەوانەشیان کە جاروبار شاڵی کشمیری لەبەر دەکەن بەشێوەیەک دەیدەن بەسەر شانیاندا بەسەر پشت و ئەملا و لای شانیاندا شۆڕدەبێتەوە (ریچ، ٢٠٠٢، ٢٦٤-٢٦٥). مێزەر لە دەوری کڵاو دەبەسترێ، لە هەندێ جێ لە دەوری تەپلەشی دەبەستن، مێزەر لە بەشی خوارووی باشور جامانەیەکی ئاغایان و ئاساییە، هەرچەندە زیاتر بەرەو باکور بچین مێزەر شل دەبێتەوە و جفتە یا مشکی یا هەردوکی ئەوانە بە جامانەوە زیاد دەکرێن و سەرپێچێکی گەورە و نالەبار و دەست و پێ گریان لێ دروست دەبێ کە تایبەتمەندی زۆربەی بەگزادەکانی جاف و شێخە ساماندارەکان و دەوڵەمەندەکانی شارن (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٢٥-١٢٦).

(ئارِ هەی) بەمجۆرە وەسفی دەکات، سەرپۆشی سەر بریتییە لە کڵاوێک کە کۆفیەک یان دوان و سیان لە دەورە دەئاڵێنن، کە لە حەریر یان لۆکە دروستکراون، لەناوچە چیاییەکاندا خەڵک کڵاوی لە لباد دروستکرا و لەسەر دەکەن کە شێوەکەی قوچەکییە، لە وەرزی دروێنەدا خەڵکی دەشتی هەولێر، کڵاوێکی فروانی لە لباد دروستکرا و لەسەر دەکەن کە لێواری هەیە، دەسکە مویەکی بزن کەلە سەری سەرەوەی کڵاوەکەوە دیارە کەسەکە وەک رێگرێک دەردەخا، بەشێوەیەکی گشتی هەمیشە دەتوانی لەو رێگەیەوە کەسێک جیا بکەیتەوە کە موسوڵمانە یان جولەکەیە، ئەگەر موسوڵمانە لەکام هۆزە و هی چ جێیەکە، ئەمەش هەموی لە جۆری بەستانی جەمەدانییەکەیاندا دەردەکەوێت (ئارەهی، ٢٠١٠، ٤٤-٤٥). ئیدمۆنزیش ئاماژەی بەوە کردووەکە مێزەرەکان شێوەی زۆر لێک جیاوازیان هەیە و تەنانەت ئەگەر قوماشەکەشیان یەکبێ، مرۆڤ بە بینینی شێوەی بەستنەکەی زۆرجار دەزانێ خاوەنەکەی خەڵکی کام ناوچەیە و لەچ هۆزێکە (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٢٥).

سایکس لە نوسینەکانیدا باسی گەلێ داب و دەستوری کوردانی کردووە کە ئێستا نەماون، بۆ نمونە لە باسی جلی دانیشتوانی چیای شەنگاردا، باسی کڵاوێکی لبادی قوچ دەکات کە بەم دیو و ئەو دیودا قەیتانی بە گوێوە بەستنی پێوە بووە (ئێزدی، ٢٠٠٧، ٥٧٣). کە ئەم شێوازە لە کڵاو رەنگە لە ئێستادا نامۆ بێت بە خەڵکی ئەو ناوچەیە. هاملتۆنیش دەڵێت: "شەپقەی دەم پانیان لەسەردا بو، هەر لە کاتی دەرەودا لەسەر دەکرێت بەسەر کڵاوەوە و لە خوری دروست دەکرێت لای وەستای تایبەت هەر وەک لباد و فەرەنجی و گەلێک بابەتی دیکە" (هاملتن، ٢٠١٣، ٦٣).

لەبارەی پێڵاوەوە ریچ ئاماژەی بەوە کردووە کە تێکڕا هەمو وەکو ئەوروپایی پێڵاوی قەیتاندار لەپێ دەکەن، کە یان رەنگی رەشە یان زەردە و گوڵنگەی پێوەیە، هەندێکیشیان کڵاش لەپێ دەکەن کە دەڵێت ئەمجۆرەم لە ئێران بینیوە، پێی وایە هەر لەو ناوچانەشەوە دەیانهێنان (ریچ، ٢٠٠٢، ٢٦٥). لە راستیدا کڵاش تەنها لە ئێران دروست نەکراوە و یەکێکە لە پیشە دەستییەکانی کوردستان، رەنگە ریچ ئەم زانیارییەی نەزانیبێت. ئیدمۆنزیش ئاماژەی بە پێڵاو کردووەکە بریتییە لە کەوشی چەرمی بێ پاژنە، لاسکێکی چەرمی لە پشت پاژنەوە هەیە نوکی هەڵگەڕاوەتەوە، یا کڵاش کە شتێکی وەک گیوەی ئێرانییە ژێری لە پەڕۆکۆنەیە و سەری قەیتانە. (ئیدمۆندس، ٢٠٠٤، ١٢٢-١٢٣). (هاملتۆن)یش دەڵێت پێڵاوەکەیان بریتی بو لە چەرمێکی رەق و لەسەر شێوەی بەلەم و لوتەکانیان هەڵگەڕابونەوە، کە نوسەر لێرەدا مەبەستی(کەوشە)(هاملتن، ٢٠١٣، ٦٣). باسیل نیکتینیش لە بارەی پێڵاوەوە دەڵێ پێڵاوی چەرم زۆر پەسەند نییە لایان، ئەو پێڵاوەی کە باوە لایان جۆرە پێڵاوێکە کە خۆیان لە خوری دەیچنن، هەرچەندە پێ هیلاک دەکات، بەڵام بۆ رۆیشتن زۆر باشە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بەسەر چیادا سەردەکەون (نیکتین، ٢٠١٢، ١٥٧). (شمیدیت) دەڵێت: کورد پێڵاوێک لە پێ دەکەن کە لە پەت دروست کراوە و کەمێکیان پێڵاوی تنس یاخود پێڵاوێکی مەتاتی لەپێ دەکەن و پێڵاوی چەرمی درێژ کەمە و پێڵاوی لە قوماش دروستکراو کە بۆ سەرکەوتن دەبێت لە پێدەکەن کە تەنکە و لەهەمان کاتدا بەهێزە بۆ پاراستنی پێیەکان (شمیدت، ١٩٩٩، ٥٨-٥٩).

هارۆڵدیش کە لە سەردەمێکی دواتردا هاتۆتە کوردستان دەڵێت: "ئەو هاوینەی من لە کوردستانی خوارو بوم قۆندەرەی قایشی باتای چیکۆسلۆڤاکی و قۆندەرەی قایشی خۆیی و کڵاشی پەرۆیین هەبو، لەکاتی نوێژ کردن و چونە ناو مزگەوت و چونە سەر رایەخی ماڵ لەپێی دەکەنەوە، کڵاش بۆگەڕان و سوڕانی شاخان لەبار نییە، لنگی راستە و چەپی وەکو یەکە، بنی لە تیلمە پەڕۆ دروست دەکەن" (هانسن، ١٩٨٣، ٢٠٥). بێگومان پێڵاویش بۆ هەر سەردەمە و تایبەتمەندی خۆی هەبووە و بە پێی بارودۆخ و سەردەم و سروشتی ناوچەکە و باری ئابوری گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بۆیە رەنگە بەتەواوی نەتوانرێت دەستنیشانی تەواوی ئەو وردەکارییانە بکرێت، بەڵام کوردناسان زۆربەیان کۆکن لەسەر ئەوەی کە کورد پێڵاوی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە خۆی لە کەوش و کڵاشدا دەبینێتەوە.

## ٦. ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا چەند ئەنجامێک بە کورتی دەخەینە رو:

١. جل و بەرگ بریتییە لە گرێدراوێکی کلتوری- رۆشنبیری تایبەت بە نەتەوەکانی جیهان، ئەم گرێدراوە یەکەم روخسارە بینراوەکانی مرۆڤ پیشان دەدات، بە شێکە لە شارستانیەت و سەلیقەی رەگەزە نەتەوەییەکان دەخاتە رو، دەستپێوەگرتن و بەیادهێنانەوەی بەشێکە لە هەست و هۆشی نەتەوەیی، بۆیە جیهان بەگشتی لە هەوڵی پاراستنی کلتورە رەسەنەکانی خۆیاندان و لەمبارەیەشەوە چەندیان بۆ کرابێ بە ئەرشیفیان کردون لە بارەیانەوە گفتوگۆ و نوسراویان بڵاو کردۆتەوە.

٢. جل و بەرگی کوردی جیاکاری و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەوە لە رەگەزەکانی تری رۆژهەڵات و ناوچەکە جیادەکرێتەوە، بۆیە هەمو ئەو کوردناس و گەڕیدانەی روویانکردۆتە کوردستان بە بایەخەوە ئەم جیاکارییەیان تۆمارکردووە و قسەیان لە بارەوە کردووە، گرینگی ئەم نوسراوانە لەوەدایە لە کاتێکدا کورد نەیتوانیوە و

دەرفەتی بە ئەرشیفکردنی کلتوری کۆنی خۆی نەبووە، ئەم نوسراوانە دەروازەیەکن بۆ ناساندن و بەیاد هێنانەوەی ئەو کلتورە دێرینە.

٣. شێواز و پێکهاتەکانی جلی کوردی بە پێی سەردەمەکان و بارە سروشتیەکەی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و تەنانەت لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە هۆزێکەوە بۆ هۆزێکی تر و لە نێو یەک شوێنیشدا بەپێی باری ئابوری و ناوچەکە، دەستوری لەبەر کردنی جل گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام بە شێوازە گشتییەکەی هەمو کوردناسەکان لەسەر چەند پێکهاتەیەکی جلی کورد کۆک بون.

٤. زۆری و جۆراو جۆری جلی کوردی هەندێک جار جیاوازی بۆچونیشی هێناوەتە ئاراوەوە، هەروەها کاریگەری نەتەوە و ڕەگەزەکانی دەوروبەر بۆتە هۆی زیاتر قوڵکردنەوەی ئەو جیاوازییانە، کە بەشێک لەو جلانە پێیان وایە لەنەتەوەکانی ترەوە وەرگیراوە، ئەم کاریگەرییە شتێکی ئاساییە، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە جلی کوردی تایبەتمەندی تەواو و سەربەخۆی خۆی هەبووە، بۆیە بونی هەندێک لێکچون نابێتە هۆی سڕینەوەی ڕەسەنایەتی جلی کوردی.

٥. زۆرینەی کوردناسان لەبارەی سەر و پێچی ژنان و پیاوانی کوردەوە دواون، بەو پێیەی کە خاڵی جیاکاری نێوان کورد و نەتەوەکانی ترە، ئەمە جگە لەوەی هەندێک لەو کوردناسانە بەو سەروپێچانە و ئەو پارچە و خشڵانەی لە نێو ئەم سەر پێچانەدا بەکارهێنراون سەرسام بون، بە جۆرێک کە لە ڕێگەی جۆری پێچانی سەریەوە زانراوە خەڵکی چ شار و ناوچەیەکە، ئەمەش بەتەواوی ڕوخساری ڕەسەنی خەڵکی ناوچەکەی خستۆتە ڕو.

٦. خشڵ و زێڕ و زیوی ژنی کوردیش بە شێکی گەورەی لە پێکهاتەی جل و بەرگی ژناندا بینیوە و گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و وەک هۆکاری کۆکردنەوەی سامان و باری دارایی تەماشا کراوە، وابەستەیی ژنی کورد بە خشڵ و زێڕەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاکە سەرچاوەی دارایی و ئابوری ژنان بووە، بۆیە زۆر خواستی لەسەر بووە.

٧. سەرسامی کوردناس و گەڕیدەکان بە جل و بەرگی کوردی تەنها لە باری سروشتی ناوچەکەوە نەبووە، بەڵکو تارادەیەک بۆ کراوەیی کۆمەڵگەی کوردی گەڕاوەتەوە لە چاو کۆمەڵگەکانی دەوروبەری، هەر ئەمەش وایکردووە لە هەر شتێکی تر زیاتر سەرنجی ئەم جیاکارییە کلتورییە بدەن.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان


ایغلتون، ویلیام، ٢٠٠٦، *القبائل الكردية*، أربيل: ت/ د. احمد محمود خليل.

برانت، جیمس ،٢٠١٣، *سەفەرنامەی مستەر جیمس برانت بۆ ناوچە کوردنشینەکان*، هەولێر: و/ هیمەت کاکەیی.

بێرد، کریستیان، ٢٠١٨، *هەزار ئاە و هەزار یاخیبوون*، سلێمانی: و/ سەفوەت ڕەشید سدقی.

بەیگی، فەرامەرز ئاغا ،٢٠١٤، *کورد لە سەفەرنامەکاندا، کوردەکانی ئێران لەسەردەمی سەفەویەوە تا کۆتایی پەهلەوی*، هەولێر.

پیربال، فەرهاد ،١٩٩٩، *زێڕی ناو زبڵ*، سلێمانی.

جبل، فؤاد غازي ،٢٠١٣، *الملبس والهوية الثقافية بين الانتماء الاغتراب، رؤية انثروبولوجية*، مجلة كلية التربية الاساسية، الجامعة المستنصرية، العدد،٧٧.

چریکۆف ،٢٠١٣، *سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف*، هەولێر: کۆکردنەوەی عەلی ئەسغەر عومران، و/ سەلاح نیساری.

حوسێن، محەمەد ،٢٠١٣، *لورستان لە سەفەرنامەی گەشتیاراندا*، هەولێر: و/ سەلاح نیساری.

دمۆرگان، ژاك ،٢٠١٢، *کوردستان لە لێکۆڵینەوەکانی ژاك دمۆرگان*، سلێمانی: و/ د. سعید خضری، ئاسۆ عبد الرحمن.

رشيد، بتقرابت ،٢٠٠٧، *ظاهرة الاهتمام باللباس عند شباب الجامعي*، الجزائر: رسالة ماجستير، كلية العلوم اللاجتماعية والانسانية، قسم علم الاجتماع، جامعة جزائر.

ریچ، کلۆدیۆس جیمس ،٢٠٠٢، *گەشتنامەکەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠*، هەولێر: و/ محەمەد حەمە باقی، چ٣.

سندی، بەدرخان ،٢٠٠٨، *کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا*، دهۆك: و/ ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید.

سۆن، مەیجەر ،٢٠١٨، *گەشتێك بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا*، سلێمانی: و/ مینە.

شميدت، دانا ادمز ،١٩٩٩، *رحلة الى الرجال الشجعان في كوردستان*، أربيل: ت/ جرجيس فتح الله، ط٢.

عادل، د. غلام علي حداد. ،٢٠٠١، *ثقافة العري او عري الثقافة*، بيروت: ت/ عبد الرحمن العلوي، لبنان.

عبد القادر، بلعربي ،٢٠٠٩، *علاقة الطالبة الجامعية باللباس*، رسالة ماجستير، جامعة عبد الحميد بن باديس مستغانم.

عثماني، الجباري ،٢٠١٣، *مظاهر من العادات الاجتماعية في لباس و الزينة لدى امراة بوادي سوف في اواخر القرن ١٩م*، مجلة الدراسات و البحوث الاجتماعية، عدد،٢، جامعة الوادي.

فريزر، جيمس بيلي ،٢٠٠٦، *رحلة فريزر الى بغداد سنة ١٨٣٤*، بيروت.

کینان، درك ،١٩٩٩، *کورد و کوردستان*، سلێمانی: و/ ئەبوبەکر خۆشناو.

المحمادي، افراح بنت حميد بن حامد بن ،١٤٣٤، *دور التربية الاسلامية في مواجهة التحديات الثقافية التعلقة باللباس و تطبيقها التربوية في الاسرة و المدرسة*، رسالة ماجستر، جامعة ام القرى، كلية التربية، قسم التربية الاسمية و القارنة.

مسعودي، عمر، عبدالكريم، رفيق ،٢٠١٨، *قضية اللباس في مجتمع الجزائيري بين الحداثة و القيم*، الجزائر: مجلة الباحث في علوم ٣٢-الانسانية و الاجتماعية، عدد،١٣، جامعة الحاج لخضر.

المناوي، رجاء ،٢٠١٢، *علاقة الزي بالهوية الوطنية و تطوره والية الحفاظ عليه*، بيت لحم: البحث قدم الى مؤتمر الاداب الفلسطيني الرابع، جامعة بيت لحم.

مۆریە، جێمس ،٢٠١٣، *سەفەرنامەی جیمس مۆریە*، هەولێر: و. شەهاب مەحمود.

نوئێل، مێجەر ،١٩٨٤، *یادداشتەکانی مێجەر نوئێل لە کوردستان*، بغداد: و/ حسین احمد جاف، حسین نێرگسەجاڕی.

نيكتين، باسيلي ،٢٠١٢، *الكرد، دراسة سوسيولوجية و تاريخية*، أربيل: ت/ د. نوري طالباني.

هاملتن، ا.م. ،٢٠١٣، *ڕێگایەك بە کوردستاندا*، هەولێر: و/ عەلی عبدولرەحمان عەسکەری.

هانسن، هینی هارۆلد ،١٩٨٣، *ژیانی ئافرەتی کورد*، بەغدا: و/ عەزیز گەردی.

هیوود، ولیەم ،٢٠١٢، *سەفەرنامەی ولیەم هیود بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧*، هەولێر: و/ نەجاتی عەبدوڵلا.

هەی، دەبلیو ئار ،٢٠١٠، *دوو ساڵ لە کوردستان گەشتێکی نهێنی بۆ میزۆپۆتامیا*، هەولێر: و/ لوقمان باپیر.





ویگرام، دبلیبو. اي.، ادگار. تي. اي. ویگرام ،٢٠٠١، *مهد البشرية الحياة في شرق كردستان*، أربيل: ت/ جرجيس فتح الله، ط٣.

ئیدمۆندس، سیسیل جۆن ،٢٠٠٤، *کورد تورک عەرەب*، هەولێر: و/ حامید گەوهەری، چ٢.


ئێزدی، میهرداد ،٢٠٠٧، چەرده *باسێك لە بارەی کوردانەوە*، سلێمانی: و/ ئەمین شوان.

ئەحمەد، کەمال مەزهەر ،١٩٨١، *ئافرەت لە مێژوودا* ، بەغدا.

Robson، Barbara 1996 ، *Iraqi kurds، their history and culture*، Washington.

Saarinen، Tuija. *General Cultural Differences and Stereotypes*، Kurdish family culture and customs.

هاوپێچەکان:





Foundation For Kurdish Library & Museum


Zadeganê Kurdan, Cil & Berg & Xencer (Noble Kurdish Man, Costumes) Jambiya Dagger, 1880



Kurd-î Mahabad - Sablax

*Kurd of Suj-bulak.*








Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v4n2y2021.pp1-11